ناونیشانی (وتاری هەینی)

9/ربیع الثاني/1441هـ | 2019-12-6م | 15/سەرماوەز/٢٧١٩ك

# هاوكاری كردنی یەكتر
# لە بونیادنانی كۆمەڵگادا پێویستیەكی مرۆڤانەیە

ئیسلام لەپێناو مرۆڤو رێكخستنی ژیانو نەهێشتنی خراپە هاتووە، دەیەوێ بەردەوام مرۆڤایەتی بەرەو رێی چاكەو هاریكاری ببات، چونكە ئەمە گەورەترین كارە بۆ مرۆڤی موسڵمان لە روانگەی قورئانەوە. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ) المائدە:٢.

كۆمەڵگە بەوە پێش دەكەوێ هەمووان خەمخۆرو هاوكار بن بۆ بەرجەستەكردنی چاكەو وەلانانی خراپیەكان، هەست كردن بەو بەرپرسیارێتیە هەم دینداریە، هەمیش دڵسۆزیە بەرامبەر خەڵكو خاك. خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) التوبە: ٧١.

هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ). بۆیە گۆڕینی خراپەكانی ناو كۆمەڵگەو لادانی زیانو نەهامەتی لەسەر خەڵكو هاوكاربوون لەسەرخستنی باشیەكانو پیشاندانی راستیو رێ چاكەكان بەشێكە لە ئیمان، وە رەوشتێكی بەهادارە لە ژیانی هەر یەكێكمان. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً، فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَنْ الطَّرِيقِ). كۆمەڵگە موڵكی هەمووانە ئەركە جوانترو پێشكەوتووتری بكەین لەرێی هۆشیاریو لێك نزیك كردنەوەی تاكەكانو برایەتیو دروستكردنی متمانەو هەست كردن بە بەرپرسیارێتی ویژدانیو ئیمانی.

هەبوونی ئەو هەست وا دەكات مرۆڤ هەوڵی خراپە نەدەین، خیانەت لە خواو خەڵك نەكەین، گەندەڵیو كاری نابەجێ ئەنجام نەدەین، خوای گەورە لە رێگەی قورئان زۆر بەرۆنی دژایەتی ئەو كارە نەشیاوانە دەكات، هەروەك دەفەرموێت: (وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ) القصص: ٧٧. وە دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ) هود:١١٧. كەواتە هەر یەكێك لە ئێمە چ لەسەر ئاستی تاك یان كۆمەڵگە یان لەبواری پیشەو وەزیفەو دەوڵەتداری كارێكی نەشیاوی ئەنجامداو ئەمانەتی سەرشانی بەجوانی بەجێنەگەیاند، تاوانو بێوەفایە بەرامبەر كیانو كۆمەڵگە. هۆكاری سەرەكی فەسادو گەندەڵی لەهەر وڵاتو دامو دەزگایەك، بوونی كەسی نەشیاوە لە شوێنی شیاو، كە هیچ مەرجی مەسئولیەتیان تێدا نیەو، نە ئاستی هۆشیاریو نە ئینتیمای نیشتمانیو نە دەست پاكیو نە دڵسۆزیو نە لە خوا ترسانیان وەك پێویستە.

بۆیە كە لە ئێستادا حكومەت پرۆژەی چاكسازی دەست پێكردووەو هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی راگەیاندووە، هەنگاوێكی دڵخۆشكەرە، هیوادارین بەردەوام بێت لەسەر ئەو هەنگاوەو هەوڵی چاكسازیو پاكسازی تەواو بداتو دزیو رۆتینو گەندەڵیو خراپ بەكارهێنانی پۆستو پارەی میللەت نەهێڵێت، وە لێپێچینەوەو بەدواداچوونو یاسا سەروەری بوونی هەبێت. وە دەبێ خەڵكیش هەست بە بەرپرسیارێتی بكاتو هاوكار بێتو، لە پرۆسەی چاكسازیو نەهێشتنی گەندەڵیو زیادەرۆیی نەكردن لە موڵكی گشتیو ئاوو و كارەباو كەمتەرخەمی لە ئیشو پیشەدا.

ئەركە هەتا ئەو پەڕی رێگری لە فەسادی ئیداری بكرێتو، وەكو پەتایەكی كوشندە سەیر بكرێتو بەهەموو لایەك هەوڵبدەین قەلاچۆی بكەین، بەو هەنگاوە دەتوانین هەمووان هاوكاری پێشكەوتنی كۆمەڵگەو سەرخستنی چاكسازی بكەینو ئەركی ئیمانی خۆشمان ئەدا بكەینو گیانی هاوكاریش لەناو كۆمەڵگە پەرە پێ بدەین.

خوای گەورەش دەفەرموێ: (وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) آل عمران: ١٠٤.